# عەشق بۆ هونەرمەندان چ مانایەکی هەیە؟

هەر کەسەو بەجۆرێك باسی عەشق دەكات، هەندێك پێیانوایە عەشق تەنیا بۆ رەگەزی بەرامبەر بەكاردەهێندرێت، هەندێكی تریش عەشق بۆ دایك و باوك و نیشتمان و هاوڕێ و.. هتد بەكاریدەهێنن، هونەرمەندان هەمیشە عەشق و خۆشەویستی بووەتە وێردی سەر زمانیان و لە گۆرانی و بەرهەمەكانیاندا بە شێوازی جیاجیا باسی دەكەن، بەڵام ئاخۆ لە واقیعدا چۆن گوزارشت لە خۆشەویستی دەكەن و چۆن لێی دەڕوانن و ئایا هەر یەكێكیان چۆن لە روانگەی خۆیەوە عەشق دەبینێت؟



سەرەتا هونەرمەندی بە توانای شاری هەولێر قادر ئەسعەد کە لە گۆرانییەکانیدا هەست بە عەشقێکی قوڵ و راستەقینە دەکرێ، بەم شێوەیە وێنای خۆشەویستی دەکات: بۆ ئەوەی بە جەنجاڵی و تونێلەکانی ژیاندا گوزەر بکەیت و تاوێك لە باوەشی ئارامیدا ئۆقرە بگری، خۆت بدەرە بەر خۆری عەشق، تاکو گوڵەکانی ژیان چرۆ بکەن گەشاوەو جوانتر بن. تاوێکیش لەژێر ڕێژنەی بارانی بە خوڕی عەشقدا بوەستین تا رۆحەکانمان پاك بکەینەوە. ئاخر هەر ئەو سێوەی عەشق بوو، چارەنوسی ئێمەی مرۆڤی لە ماڵی ئاسماندا راگواستەوە بۆ ئۆردوگای زۆرەملێی سەرزەوی، هەر ئەو قەدەرەشە زوو دەکەوینە داوی عەشقەوە.



خانمە گۆرانیبێژی رۆژهەڵاتی کوردستان ئالین دەڵێ: عەشق زۆر واتا و مانا هەڵدەگرێ، عەشق وڵات و دایك و یارە هەر هەیەکیان واتا و پیرۆزیی خۆی هەیە، بەڵام ژیان بە عەشقەوە بەندە، هەر کاتێك عەشقێك پاك و بێگەرد لە ناخی هەمووماندا چەکەرەی کرد و رەگی داکوتا، ئەو کات ژیان و کۆمەڵگە پەرە دەسەنێت و پێش دەکەوێت و خۆشەویستیی نێوان تاکەکان زیاترو بەتینتر دەبێت، بەپێچەوانەشەوە هیچ واتا و مانایەك بۆ ژیان نامێنێت.



هونەرمەندی باکووری کوردستان برادەر سەبارەت بە عەشق دەڵێ: پێویستە عەشق و ئەڤینداریی وڵات لە دڵی هەمووماندا بوونی هەبێت و بە زیندوویی بمێنێتەوە، چونکە ئەگەر خۆشەویستیمان بۆ نیشتمانمان نەبێت، ناتوانین عاشقی یار و سروشت و ژیان بین، بۆیە عەشقی کوردستان لەدڵ و دەروونی ئێمەدا هەمیشە بە زیندوویی دەمینێتەوە و ئامادەی هەموو قوربانییەکین لە پێناو ئەو عەشقەدا.



هونەرمەند و شاعیر لالۆ ڕەنجدەر کە زۆرترین کەس بەبیستنی ناوی ئەو ئالاّ و عەشق دێتە بەرچاویان، سەبارەت بە عەشق بۆ گوڵان وتی: عەشق عەشقە و هیچ واتایەکی تر هەڵناگرێ.



خانمە ئەکتەرو
پێشکەشکار دڵنیا کامووسی جیاواز
لە بۆچوونەکەی هونەرمەند لالۆ ڕەنجدەر
کە پێی وابوو عەشق نە لە قەبارەی خۆی
گەورەترە، نە بچووکتر، دەڵێ: عەشق لای
هەرکەسێك واتایەکی هەیە، لەلای منیش
عەشق واتە دایك و باوك و کوردستان.



دەلال زاخۆیی هونەرمەند، ئەویش بەم شێوەیە ڕای خۆی سەبارەت بە خۆشەویستی دەربڕی: هەر کەسێك ئەزموون و بەسەرهاتی لەگەڵ عەشق نەبوو بێت، ناتوانێت گوزارشتی لێ بکات، یاخود پێناسەی بکات، چونکە عەشق جیهانێکی تایبەتەو تەژییە لە مرۆڤایەتی و جیهانی دڵە ناسکەکانە.



هیوا سوعاد ی شانۆکاریش بەمجۆرە دوا: عەشق واتە خۆشەویستی بوون، بوون بەمانای ژیان و بەرەودان بە گەنجێتی و چێژوەرگرتن لە هەموو ساتەکانی ژیان و دەستبەردار نەبوونی، هەر عەشقە وامان لێدەکات هەست بەبوونی خۆمان بکەین و لە ژیاندا سنوور نەمێنێت بۆ خەون و خەیاڵەکانمان، هەر عەشقە دڵ بەخورتر دەکات و مێشك هەراسان دەکات و جوولە بە لەش دەدات و گەشە بە شانە و خانەکانی لەشمان دەدات، مرۆڤ تاکوو دەمرێت، هەر دەبێ عاشق بێت بۆ ئەوەی تاکوو مردنی خزمەتی خۆی و دەوروبەرەکەی بکات، لەدوای خۆیشیدا ببێتە سومبولێك بۆ کەسانی دیکە کە ئەوانیش دەبێ بەدەم عەشقەوە بمرن، ئەگەرنا ڕق وکینە ناخیان بۆگەن دەکات، تەمەن کورت دەبن، یان هەرنا چێژ لە ژیان نابینن، عەشق لای من واتە ئەوپەڕی خۆشەویستی و ڕێزگرتن لە بەها جوانەکانی ژین.



شەنگە کەرکووکی زۆر بە کورتی گوزارشت لەو بابەتە دەکات و دەڵێ: هیچ باوەڕێکم بە خۆشەویستی نییە، چونکە لە ئێستادا خۆشەویستی تەنیا بووتە هۆکارێك بۆ تێرکردن، دواتر دەتوێتەوە و هیچ گرنگی و بەردەوامی نامێنێت.



ئاوازدانەر هەڵکەوت زاهیر سەبارەت بە مانای عەشق دەڵێ: عەشق جوانییە، هەستە، دروستبوونە، ژیانە، گەیشتن بە لوتکەی عەشق کردنەوەی زۆربەی دەرگاکانی ژیانە، خۆی لەخۆیدا عاشق بوون گەیشتنە بە لوتکەی تێگەشتن، مەرجیش نییە تەنیا عاشق بوون لە کەسێکی بەرانبەرت ببینیتەوە، بۆ نموونە من عاشقی هونەری میوزیك بووم.



ڕوناك دڵپاك خانمە
ئەکتەرێکی ناسراوە لەنێوەندی هونەری
کوردیدا، هاوسەری هونەرمەندی کۆچکردوو
جیهاد دڵپاك ە و پێیوایە عەشق نەبێ ژیانیش نییە،
دەشڵێ: عەشق لە دەمارەکان دێت و دەچێ، وەکوو
تینی خۆر بەتینە، عەشق جوانییە، لەدایکبوونە،
مردنە، پێدانی ڕۆحە بۆ جەستە، عەشق پێکەنین
و گریانە، عەشق خۆراکی ڕۆحە.



مەریوان ئیبراهیم ئەکتەر و دەرهێنەری ناسراو زۆر بە کورتی و جیاواز لە هەموو بۆچوونەکانی تر گوتی: ئەو عەشقەی کە لە دڵەوەیە،تەنیا وەستاندنی دڵ دەتوانێت بیوەستێنێت.



# شەمس
# بە هەواڵێک
# تورە دەبێت

خانمە گۆرانیبێژی کوێتی شـەمس بێزاری و تووڕەبوونی خـۆی راگەیاندا سـەبارەت بە شـکاندنی یەکێك لە پەراسـووەکانی تەنیـا لـە پێنـاوی ئـەوەی کێشـی لەشـی دابەزێنێـت و بـە هەواڵێکـی نادروست و درۆ وەسفی کرد.

ماوەیەکـە خانمـە گۆرانیبێـژی کوێتـی بەرنامەیەکـی توند پەیـڕەو دەکات بۆ دابەزاندنی کێشی لەشی، ئەمەش وایکردووە کە کەسانێك بە گاڵتە باس لەم بابەتە بکـەن، لـە وەڵامدا شـەمس لە ڤیدیۆیەکدا کە لە سـناپ چاتـی تایبەتی خۆی بڵاوی کردۆتەوە دەڵێ: من پەراسووی خۆم شکاندووە؟ خوا پەراسووتان بشکێنێت ئەوانەی ئەم جۆرە قسـە نابەجێیانە بڵاو دەکەنەوە. شـەمس دیسـان بە تووڕەییەوە دەڵێ: ئایا کەس باوەڕ دەکات من پەراسـووی خۆی بشـکێنم تەنیا بۆ ئەوەی کێشـی لەشم دابەزێت، بەڕاستی کە هەواڵەکەم خوێندەوە هەستم کرد کە پەراسووم ئازاری هەیە.

شـەمس هەروەهـا دەڵـێ: پێموایـە باشـترین چارەسـەر بـۆ بێدەنگکردنی ئەو کەسانە ئەوەیە کە دەممان داخەین و ئیتر کەس لاواز نابێت و کێشی کەسیش دانابەزێت.



# شارۆخان پیاوێکی بە کوشتن دا

شارۆخان کە بە شای بۆڵیۆد ناسراوە، هاوخەمیی خۆی بۆ خانەوادەی هاووڵاتییەکی ویلایەتی غۆجارتی هیندی دەربڕی کە لە وێستگەی شەمەندەفەڕی ناوچەکە گیانی لە دەستدا و هۆکاری مردنەکەشی بۆ شارۆخان گەڕێندرایەوە بە هۆی وەستانی شەمەندەفەڕەکەی لە وێستگەکە.

خان بە شەمەندەفەڕ گەشتێکی ئەنجامدا، بەم گەشتەش مشتومڕێکی زۆری نایەوە، چونکە کاتێك شەمەندەفەڕەکە لە وێستگەی غۆجارت وەستا و ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتیان کە لە وێ بوون کۆبوونەوەو روویان لە شەمەندەفەڕەکە کرد بۆ بینینی و لە ئاکامدا پیاوێکی بە تەمەن کە لە ناوچەکە ناسراوە کەوتە ژێر دەست و پێی خەڵکەکەو جەڵدەی دڵ لێیدا و لە ئەنجامدا هەر لەوێ گیانی لەدەستدا، بەم بۆنەیەوە شارۆخان بروسکەیەکی ماتەمێنی ئاراستەی خانەوادەکەی کرد و کاتێك گەیشتەوە دلهی بە رۆژنامەنووسانی راگەیاند: زۆر بەداخەوە ئەمڕۆ پیاوێك گیانی لە دەستدا، سەرەخۆشی لە خانەوادەکەی دەکەم.

شارۆخان هەروەها وتی: تیمی ئێمە بەردەوام لەوێ بوون، ئەوەی روویدا کارەساتێکی ناخۆش بوو، بەداخەوە ئەم رووداوانە تائێستا روودەدەن، تیمەکەی ئێمە لە ناشتنی و پرسەکەیشی ئامادەبوون.

# جێنیفەر لۆپێز پەنا بۆ دادگا دەبات دادگاش یارمەتی نادات

چەند ماڵپەڕێکی هونەری رایانگەیاند کە دادگا داوایەکی خانمە ئەکتەر و گۆرانیبێژی ئەمریکی جێنیڤەر لۆپێزی رەتکردۆتەوە سەبارەت بە دەستگیرکردنی یەکێك لە هەوادارانی کە بۆتە هۆی بێزار کردنی بەتایبەتی لە شوێنە گشتییەکان و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش بەردەوام وێنە و نامەی بۆ دەنێرێت.

جنیڤەر لە داواکەی بۆ دادگا دەڵێت: ئەم کەسە شێتە و منی بێزار کردووە لە هەر شوێنێك بزانێت لەوێم و بتوانێت دێتە ئەو شوێنە، بەردەوام بەدوامەوەیە و دیاری جۆراوجۆرم بۆ دەنێرێت، بەتایبەتی ئەو دیاریانەی من حەزیان لێناکەم، تەنانەت جارێکیان لە لۆس ئەنجلۆس بەدوامەوە هاتۆتە لاس ڤیگاس و لە گشت ئاهەنگ و چالاکییە هونەری و رۆژنامەوانییەکانیشم ئامادە دەبێت و خەریکە شێتم دەکات بە ئیمێل و دیارییە سەیرەکانی.

جنیڤەر ئەوەشی راگەیاندن کە بۆ پاراستنی خۆی و منداڵەکانی لەم کەسە داوای لە دادگا کردووە بۆ ئەوەی دەستگیری بکەن، چونکە پێشتر بە تۆمەتی دەستدرێژی کردنە سەر موڵکی خەڵك بە چەکەوە دەستگیر کراوە، بەڵام دادگا فەرمانی دەستگیر کردنی نەدا، بەڵکو تەنیا داوای لێ کردووە کە نابێ لە جنیڤەر نزیك بێتەوە و تەنیا بۆی هەیە ماوەی ٩١ مەتر لێی نزیك بێتەوە.

لەلایەکی دیکەوە جنیڤەر لە پێوەندییەکی خۆشەویستی بەهێزدا دەژیت لەگەڵ گۆرانیبێژی ناسراوی جیهانی دریك کە پێشتر خۆشەویستی ریهانا بووە، ئەمەش بووە مایەی سەرهەڵدانی ناکۆکییەکی بەهێز لە نێوانیان.



# میلا جۆڤۆفیت



میلا جۆڤۆفیتش ساڵی ١٩٧٥ لە شاری (کییڤ)ی پایتەختی ئۆکرانیا لە خانمە ئەکتەرێکی رووسی و باوکێکی پزیشکی سربی لەدایکبوو، هەر زوو بەرەو لەندەن رایانکرد، ئینجا بۆ لۆس ئەنجلۆس، لەوێ درێژەی بە خوێندن دا بەر لەوەی ببێت بە مۆدێل، دواتر بۆ چەند ساڵێك وانەی لە سەمای بالێ وەرگرت و لە هەمان کاتدا دەستی بە کاری نواندن کرد و یەکەم دەرکەوتنیشی لە فیلمی (تفەنگەکانی بەهەشت) بوو ساڵی ١٩٨٨ و لەگەڵ سینەما دەستی بە مۆسیقاش کرد، بەڵام لە کۆتاییدا بڕیاریدا کە بواری نواندن هەڵبژێرێت و یەکەم دەرکەوتنی راستەقینەشی لە فیلمی (توخمی پێنجەم) ساڵی ١٩٩٧ لەگەڵ ئەکتەری ناسراو برۆس ویلس، سەرەڕای ئەمەش سەرکەوتنی راستەقینەی لە زنجیرە فیلمەکانی ((Resident Evil - شانشینی شەڕانگێزی) کە رۆڵی پاڵەوانی لە هەموویاندا بینی.

# ...ش له سەماكاری باڵێ بۆ ئەستێرەی هۆڵیۆد

● **دوو كەلتووری جیا**

میـلا لـه ئۆكرانیا لەدایكبـووەو ماوەیەكیش لـەوێ ژیاوە بـەر لـەوەی روو لـە رۆژئـاوا بـكات. لـەم بـارەوە دەڵـێ: له ئۆكرانیـا چـاوم بە دنیا هەڵهێناوەو لەوێش تەمەنی منداڵیم بەسـەر بـردووە، ئینجا لەگـەڵ خانەوادەكەم رووم لە ئەوروپا كرد، كەواتە من شارەزای دوو كەلتوورم، یەكیان ئەورووپی و ئەویتریان ئەمریكی و رۆژئاوایی وەك زۆربەی كۆچبەرەكان، ئەمـەش بە هاوكاری شـانس بۆمان هاتۆتەئـاراوە، چونكە ئەو كۆچبەرەی شارەزای دوو كەلتووری گەورەیە، دەتوانێت پشتیان پێ ببەستێت بێ ئەوەی قوربانی بە هیچیان بدات.

● **خەونی كاركردن لەگەڵ سەلمان خان**

میـلا یەكێكـە لـەو ئەسـتێرانەی هۆڵیۆد كە سەرسـامە بە فیلمەكانـی بۆڵیـۆد و لـەم بارەیـەوە دەڵـێ: پڕ بـە دڵ حەز دەكەم ئەو دەرفەتەم بۆ بڕەخسـێت كە لەگەڵ سـەلمان خانی ئەسـتێرەی بۆڵیۆد لە كارێكی سـینەماییدا بەشداری بكەم، چونكـە مـن نەك تەنیا سەرسـامی فیلمەكانی ئەو ئەسـتێرە ناسـراوەم، بەڵكو سەرسـامم بە خودی سـەلمان خان، چونكە لـە كارێكـدا بینیـم كە زۆر سـەرنجی راكێشـام، مـن دڵنیام كـە فیلمەكان بۆڵیۆد بەتایبەت ئەكشـنەكان رۆژ دوای رۆژ جەمـاوەر و هەواداریـان زیاتـر دەبێت لەسەرتاسـەری جیهان، فیلمێكـی سـەلمان خانـم بینـی كە زۆر سـەرنجی راكێشـام بەتایبەتی توانای جەسـتەیی ئەو ئەسـتێرەیە و دیمەنەكانی كوشتن و جەنگ، بۆیە هیوادارم دەرفەتی ئەوەم بۆ بڕەخسێت كارێكی هاوبەش ئەنجام بدەین.

● **له نێوان میلدای و ئالیس**

نواندنـی رۆڵـی ئالیس لە زنجیرە فیلمەكانی (شانشـینی شـەڕانگێزی) بووە هۆی زیاتر ناساندنی میلا بە جەماوەر، بـەڵام بـەر لەو رۆڵە لە فیلمی (سـێ سـوارچاكەكە) رۆڵی میلـدای دی وینتری بینـی بوو، لەم بارەوە دەڵێ: میلدای یەكێكـە لـە كەسـایەتییە بەهێـزەكان لـە بـواری ئەدەبیات و هەمیشە وەك یەكێك لە بەهێزترین ئافرەتەكان سەیرم كردووە، خانمێكی سەڵت و زیرەكە كە زۆر بە ئاسانی توانای چوونە نێـو كۆمەڵگـە جیاجیاكان و هاتنـە دەرەوەیان هەیە، ئەمەش پێویسـتی بـە ئافرەتێكـی بەهێـز و زیرەك هەیە كـە توانای ئـەوەی هەبێـت لـە جیهانی پیـاوان مەلە بـكات بەتایبەتی لـە سـەدەی حەڤدەهەم كـە بینێری بۆ دێرێكـی رەبەنەكان، میلدای ئافرەتێكە له لوتكەی ئەو قۆناغەدای كه تێیدا دەژی، كەسایەتییە ئاڵۆزەكەی وای لێكردووە له ئاسـتی پیاواندا بێت،هەسـت دەكەم من توانیم تێیدا سەركەوتوو بم بێ ئەوەی پشت بە دۆبلێر ببەستم.

دایكـی میـلا ئەكتـەر بووەو لەم بـارەوە دەڵێت: راسـتە دایكم ئەكتەر بووە، بەڵام ئەو رێگای ئەكتەری پێ نیشان نەدام، من هەر لە منداڵییەوە دەمزانی نواندن چییە، بەڵام نەمدەزانی كە دەبمە ئەكتەر.

سـەبارەت بـەو فیلمانـەی كـە تێیـدا مانـدوو دەبێت و پێویسـتیان بـە توانـای جەسـتەیی زۆر هەیـە دەڵـێ: ئەمە زیاتـر پەیوەسـتە بـە توانای جەسـتەیی خۆمـەوە، چونكە ئەگـەر كەمێكیتـر قەڵـەو بووایـەم، ئـەوا دەرفەتـی زیاتـرم بـۆ دەڕەخسـا لـە فیلمەكانـی ئەكشـن و درامـا رۆڵم پـێ بسـپێردرێ، من پێشـوازی لـە هەموو ئـەو رۆڵانە دەكەم كـە پێشكەشـم دەكرێـن بـێ ئـەوەی گرنگی بە جۆری رۆڵـەكان بـدەم، راسـتە مـن زۆر رۆڵـی درامیـم نەبینیـوە، بـەڵام ئەمـە بـۆ مـن گرنـگ نییـە، بەڵكـو گرنـگ ئەوەیـە ئـەو كارەی ئەنجامی دەدەم تێیدا سەركەوتوو بم، تەنانەت ئەگەر گشت رۆڵەكانم ئەكشن بـن، هەمـوو رۆڵـەكان مایەی شانازین بۆ من، زۆر لە خانمە ئەكتـەرەكان هـەن كـە ناتوانـن رۆڵەكانـی مـن ببینـن ئەگەرچـی لـە دڵەوە حـەز دەكەیـن بیانتوانیبا بەشداری تێدا بكەن، زۆر كەم لە ئافرەتەكان دەتوانـن ئـەم رۆڵانـە ببینـن بـۆ نموونـە ئەنجلینا جۆلـی كـە من سەرسـامم بە رۆڵەكانی و دەتوانێت لە یەك كاتدا رۆڵی درامی، یان ئەكشن ببینێت، منیـش دەتوانـم ئەمە بكەم، بـەڵام ئەنجلینـا دەرفەتـی زیاتری پێدراوە.

